# بەفەرمی... ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدان و کارپێکردنی فڕۆکەخانەی بەغدا پەسەند دەکات

ئەمڕۆ سێشەممە، ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدان و کارپێکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدای پەسەند کرد، لە ڕێگەی بەشداریکردن لەگەڵ بەگەڕخەرێکی جیهانیی کەرتی تایبەتەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،لە راگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە تێیدا هاتووە: "بەهۆی پێویستیی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، و پێویستیی گونجاندن لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە ڕووی سەلامەتی و ئاسایشی فڕۆکەوانی، و کەمبوونەوەی بوونی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەوانی، و لەبەر ئەوەی دابینکردنی ئەو پێوەرانە پێویستی بە بەگەڕخەرێك و کارپێکەرێکی پسپۆڕ و کاریگەر هەیە، و بەدیهێنانی هەموو ئەوانە پێویستی بە خەرجییەکی زۆر هەیە، و بە ئامانجی بەهێزکردنی ئاستی فڕۆکەخانەی ئێستا بۆ گەیشتن بە ئاستێک کە شایستەی ناوبانگی عێراق بێت، ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدان و کارپێکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدای پەسەند کرد، لە ڕێگەی بەشداریکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی جیهانیی کەرتی تایبەتەوە".

لە راگەیەندراوەکەی ئاماژە بەوەیش کراوە کە هاوکاری لەگەڵ IFC: "پێشتر گرێبەست لەگەڵ دامەزراوەی دارایی نێودەوڵەتی/IFC (کۆتایی ساڵی 2023) کراوە، بۆ کارکردن وەک ڕاوێژکارێک بۆ حکومەت، و بۆ دڵنیابوون لە ڕاکێشانی کۆمپانیا جیهانییە پسپۆڕەکان، و بۆ مەبەستی ئامادەکردنی کتێبچەی وەبەرهێنانی فڕۆکەخانەکە و خستنەڕووی بۆ وەبەرهێنەران و هەروەها 14 هاوپەیمانی لە نەتەوە جیاوازەکانی جیهانەوە پێشنیاریان بۆ نۆژەنکردنەوە و کارپێکردنی فڕۆکەخانەکە پێشکەش کرد، و دوای شیکردنەوەی پێشنیارەکان، 4 هاوپەیمانی لابران. لە مانگی ئایاری ڕابردوودا، بەڕێوەبەرایەتیی فڕۆکەخانەکان لە وەزارەتی گواستنەوە دەستی بە پڕۆسەی کێبڕکێی پێشنیارەکانی (RFP) کرد بۆ 10 هاوپەیمانییەکە.

- ژمارەی هاوپەیمانییەکان بۆ سێ هاوپەیمانی کەم بووەوە، کە ئەوانیش:

1. هاوپەیمانیی CAAP (کۆمپانیای کۆرپۆرەیشنی ئەمریکای فڕۆکەوانی و ئەمجاجی جیهانی).

2. هاوپەیمانیی ASYAD (کۆمپانیاکانی YDA Insaat, lamar holding , Dublin airport authority , top engineering corporation).

3. هاوپەیمانیی ERG International UK (کۆمپانیاکانی Terminal Yapi , ERG Insaat). هەروەها لابردنی هاوپەیمانیی سێیەم: دوای شیکردنەوەی پێشنیاری هونەریی سێ هاوپەیمانییەکە، هاوپەیمانیی ERG International بەهۆی جێبەجێ نەکردنی هەموو پێداویستییە هونەرییەکان لابرا.

- هاوپەیمانیی براوە (CAAP): لە 19ی تشرینی یەکەمی 2025دا، پێشنیارە داراییەکان وەرگیران و شیکرایەوە، و هاوپەیمانیی CAAP وەک براوە هەڵبژێردرا، چونکە باشترین پێشنیاری دارایی پێشکەش کرد کە بریتی بوو لەوەی 43.05%ی داهاتی گشتیی ساڵانەی فڕۆکەخانەکە بە ماوەی گرێبەستی ئیمتیازەکە بۆ خەزێنەی ناوەندی بێت، کە بەرزتر بوو لە پێشنیارەکەی هاوپەیمانیی ASYAD (38.05%).

لە راگەیندراوەکەدا ئەوەیش روونکراوەتەوە کە ئەو پابەندبوونانەی لەسەر وەبەرهێنەری براوەی کێبڕکێکە دیاری کراون بریتین لە:

1. دروستکردنی هێڵێکی مۆدێرنی گەشتیاران بۆ هەموو ئامێرە پێویستەکانەوە، کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت، بە توانای 9 ملیۆن گەشتیار لە ساڵێکدا لە قۆناغی یەکەمدا، و لە قۆناغی دووەمدا بگاتە 15 ملیۆن گەشتیار لە ساڵێکدا.

2. نۆژەنکردنەوەی ڕێڕەوەکانی فڕۆکە، ڕێڕەوەکانی سەرکەوتن و گۆڕەپانی وەستانی فڕۆکەکان.

3. دانانی 15 پرد بۆ سوارکردنی گەشتیاران.

4. دروستکردنی بینایەکی تەواو بۆ دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی شارستانی.

5. دروستکردنی هێڵێکی مۆدێرن بۆ کەسایەتییەکان.

6. دروستکردنی گەراجێکی مۆدێرن بۆ ئۆتۆمبێلەکان.

7. نۆژەنکردنەوەی بینای گواستنەوەی ئاسمانیی بار.

8. نۆژەنکردنەوەی سیستەمی کوژانەوەی ئاگر، و ڕاهێنانی کارمەندانی، بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت و ئاستی پۆلێنکردنی بگاتە 9.

9. دروستکردنی سیستەمێکی یەکگرتوو بۆ ئاوی خواردنەوە و سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی پاشماوە.

10. بەڕێوەبردن و کارپێکردنی فڕۆکەخانەکە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بە شێوەیەک کە هانی گەشەی جموجۆڵی ئاسمانی بدات.

11. دانی مووچەی فەرمانبەرانی فڕۆکەخانەکە و پەرەپێدانی توانای پیشەییان، لە ڕێگەی ڕاهێنان و زیادکردنی ئەزموونەکانەوە.

12. دابینکردنی هەلی کاری نوێی ڕاستەوخۆ کە بە نزیکەیی (1000) هەلی کار بۆ هەر یەک ملیۆن گەشتیارێکی نوێ مەزەندە دەکرێت.

13. وەبەرهێنەر نزیکەی (764) ملیۆن دۆلار بۆ پەرەپێدانی فڕۆکەخانەکە خەرج دەکات، بەبێ ئەوەی حکومەت یەک دۆلار لە ماوەی گرێبەستی ئیمتیازەکەدا خەرج بکات.

14. ئەم گرێبەستی وەبەرهێنانە بە یەکێک لە باشترین گرێبەستەکانی وەبەرهێنان لەوەتەی ساڵی 2006 دادەنرێت لە ڕووی داهات بۆ خەزێنەی ناوەندی و شەفافییەت لە جێبەجێکردندا، سەرەڕای ئەوەی پێشتر سێ فڕۆکەخانە (نەجەف، کەربەلا، کەرکوک) لە سەردەمی حکومەتەکانی پێشوودا دراون بە وەبەرهێنان، بەڵام هیچ داهاتێکی داراییان بۆ خەزێنەی ناوەندی بەدی نەهێناوە، لە کاتێکدا ئەم پڕۆژەیە هەزاران هەلی کاری زیادە لە فڕۆکەخانەکەدا لە قۆناغی نۆژەنکردنەوە و دوای ئەوەش دابین دەکات

.